
# لەتۆرنتۆ یادی هەڵەبجەو ئەنفال بەرز راگیرا



ئێوارەی 22 /4 لەشاری تۆرۆنتۆی کەنەدا پەیوەندی کوردی دژی جینۆساید ومالّی کورد لە چالاکییەکی هاوبەشدا هەژدەمین ساڵیادی هەڵەبجەو ئەنفالیان بەئامادەبوونی ژمارەیەك لە کوردەکانی تۆرۆنتۆو شارۆچکەکانی دەوروبەری کردەوە.

بەرنامەکە بە ساتێك وەستان ورێزلێنان لەقوربانیانی هەردوو کارەساتەکە دەستی پێکردو پاشان وتاری هاوبەشی هەردوولا بەزمانی کوردی لەلایەن بەڕێز جەمال مەحمودوبەئینگلیزیش لەلایەن بەڕێز هانا ڤەرزەندە خوێنرایەوە ،ئینجا هەریەك لە نوێنەرانی پارتی ویەکێتی وحیزبی دیموکرات وکۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان پەیامی حیزبەکانیان خوێندەوە، هۆنراوەیەکی شاعیر قوبادی جەلی زادە لەسەر ئەنفال لەلایەن بەڕێز گۆران عەبدوڵلاوە خوێنرایەوە ،ئینجا کورتە فیلمێکی دیکۆمێنتەری لەسەر کارەساتی هەڵەبجە پێشکەشکرا.

دوای پشوویەکی کورت بەرنامەکە بە نمایشکردنی شانۆگەریەك بەنێوی (هەژدەهاوار بۆهەژە پاکیزەکە) کەلە ئامادەکردن ودەرهێنانی بەڕێز جەبار حەمەد بوو پێشکەشکرا، پاشان بەڕێز خاتوو **جەین پێتفیلد** **Jane Pitfield** ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی و پالێوراوی سەرۆکی شارەوانی تۆرۆنتۆبۆهەڵبژاردنەکانی نۆڤمبەری ئەمساڵ وتەیەکی پێشکەش کردو تێیدا وێڕای دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ گەلی کورد هیوای خواست کەچیتر گەلی کورد تووشی کارەسات نەبێت، بەدوای ئەویشدا بەڕێز **جیم کەرەجیانس** **Jim Karagiannis** ئەندامی پەرلەمانی

**کەنەدا لەپەیڤێکدا ئاماژەی بەرەگوریشە یۆنانیەکەی خۆی کردو باسی لەوتاوانانە کرد کەلەسەردەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دژی یۆنانی وئەرمەنی وکوردوگەلانی تر کران، کەرەجیانس گوتی هەڵەبجەو ئەنفال هیچیان لە هۆلۆکۆست وجینۆسایدی ئەرمەنییەکان کەمتر نییە ونابێ چیتر کۆمەلگەی نێودەولەتی لەئاست پێشێلکردنی مافەکانی کورد لەلایەن وڵاتە داگیرکرەکانی کوردستان بێدەنگ بێت.**

**ئینجا لەلایەن هونەرمەند فوئاد تەراقی چەند سروودولاوانەوەیەك پێشکەشکران، هەروەهاهەردوو بەرێز عیسا حاجی وسەدیقی مەجیدی هۆنراوەیان بەم بۆنەیەوە خوێندەوە.**

**جێگەی باسە لەرارەوو هۆڵی بەرنامەکەدا چەندین وێنەی کارەساتی هەڵەبجەو چەند تابلۆیەکی هونەرمەندی شێوەکار دارا ئارام وچەند کارێکی دەستی پەیکەرتاش کەیوان قادر نمایشکران.**